ماڵپەڕی شەفافیەت داهاتی هەفتەیەکی پارێزگای سلێمانی بڵاوکردەوە



ماڵپەڕی شەفافیەت ئەمڕۆ هەینی ، داهاتی یەک هەفتەی سلێمانی لەو ڕۆژی 24ی (کانونی دووەم) تاوەکو 30ی (کانونی دووەم)ی 2026 بڵاوکردەوە ورایگەیاند بڕی زیاتر لە 12 ملیار و 359 ملیۆن و 909 هەزار دینارە، کە 91%ی داهاتەکەش بەشێوەی نەختینە هەیە.

ماڵپەڕی شەفافیەت بۆ چاودێری و ڕێکخستنی داهاتە نانەوتییەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەردو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان داهاتی یەک هەفتەی ڕاگەیاندوە، بەشێوەیەک 12 ملیار و 359 ملیۆن و 909 هەزار و 835 دینار بوە، بەجۆرێک کە 91% ی داهاتەکە بەشێوەی نەختینەیە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، 11 ملیار و 284 ملیۆن و 290 هەزار و 765 دیناری واتا 91%ی داهاتەکە بە شێوەی نەختینەیە، بڕی ملیارێک و 75 ملیۆن و 619 هەزار و 70 دیناریشی بەشێوەی چەکە کە دەکاتە ڕۆژەی 9%ی کڵی گشتی داهاتی هەفتەکە.

داهاتی هەفتەی پشوتری سلێمانی واتە ژمارە 17ی (کانونی دووەم) تاوەکو 24ی (کانونی دووەم)ی 2026، بڕی 11 ملیار و 129 ملیۆن و 196 هەزار و 278 دینار بوو، بەمەش ژمارەی داهاتی هەفتەی رابردو بەڕێژەی 11.058% زیادی کردوە.